**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**
**ژمارەی : ٣٥٥٨ لە ٢٠١٩/١١/٥**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەپێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**ڕێنمایی تایبەت بەدروست کردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنەکان لەلایەن خێرخوازانەوە**

**ماددەی (١):-**

١-خێرخوازان هان بدرێن بەرووخان و دووبارە درووست کردنەوەی مزگەوتە کۆنەکان لەشارەکان بەشێوازی تازە و نەخشەی نوێ

٢- مزگەوت لەو شوێنانە ڕەزامەندی دەدرێت بۆ درووستکردنی کەلە نەخشەی بنەرەتی / نەخشەی کەرتی لەشارەوانی تەرخان دەکرێت بۆ مزگەوت یان شوێنی خزمەتگوزارین وە دەبێ سەنەدی تۆماری هەبێت لەفەرمانگەی تۆماری خانووبەرە.

٣- بەهیچ شێوەیەك نابێت شوێنی سەوزایی بکرێت بە مزگەوت

٤- بەمەبەستی گرنگی دان بەزیادکردنی ڕووبەری سەوزایی و پارکی ئۆتۆمبێل لەناو مزگەوت دەکرێت بینای مزگەوتەکان بەشێوەی چەند نهۆمی جێبەجێ بکرێت.

٥- لەکاتی دانانی نەخشەی کەرتی لە ئاییندەدا وەزارەتی شارەوانی و ئەوقاف پابەند بن بەم کلاسانەی کە لە خوارەوە هاتووە لەکاتی دانانی شوێنی مزگەوت لە نەخشەکەدا وە لەبەر چاو گرتنی چڕی دانیشتوان.

٦- خێرخواز لەکاتی دروست کردنی مزگەوت بەپێی رووبەری زەوی تەرخان کراو پابەند بێت بەم جۆر و پێکهاتانەی خوارەوە:

أ- جۆری (A) (مزگەوتی گەورە): رووبەری زەویەکە لە (١٢,٠٠٠) دوانزە هەزار مەتر کەمتر نەبێت، پێویستە گومبەت و منارەو هۆڵی بۆنەی پیاوان و ئافرەتان و دوو خانوو و حوجرەی فەقێیان وموشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت لەگەڵ سەنتەری لەبەرکردن و فێرکردنی قورئانی پیرۆز و کتێبخانە، وە پێویستە ئەم جۆرە مزگەوتە لە نزیك سەوزایی یان شەقامی سەرەکی یان لە شوێنە کراوەکان یان چوار ریانەکان بێت، وە

- دووری نێوانیان (١٥٠٠م) هەزارو پێنج سەد مەتر کەمتر نەبێت.
- ڕێژەی سەوزایی نابێت لە ٢٥% رووبەری زەوی کەمتر بێت.
- ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٣٥% ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت , دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێرزەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

ب- جۆری (B) (مزگەوتی ناوەند) : رووبەری زەویەکە لە (٨٠٠٠ – ١٢٠٠٠ م٢) هەشت هەزار تاکو دوانزە هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، پێویستە گومبەت منارە وهۆڵی بۆنەی پیاوان و ئافرەتان و یەك خانوو وموشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت، وە دووری نێوانیان لە (١١٠٠م) هەزار و سەد کەمتر نەبێت.

ڕێژەی سەوزایی نابێت لە ٢٥% رووبەری زەوی کەمتر بێت.

ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٣٥%ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت , دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێر زەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

ت- جۆری (C) (مزگەوتی مام ناوەند): ڕووبەری زەویەکە لە (٥٠٠٠ - ٨٠٠٠ م٢) پێنج هەزار تاکو هەشت هەزار مەتر دووجا کەمتر نەبێت، پێویستە گومبەت و منارە و یەك خانوو و هۆلی بۆنە و موشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت ، وە دووری نێوانیان لە (٩٠٠م) کەمتر نەبێت ڕێژەی سەوزایی نابیت لە ٢٥% ڕووبەری زەوی کەمتر بێت ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٣٥%ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت ,دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێر زەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

پ – جۆری(D) تایبەت بە قەزا و ناحییەکان (مزگەوتی بچووك) روبەری زەویەکە لە (٢٥٠٠ -٥٠٠٠) دوو هەزارو پێنج سەد تاکو پێنج هەزار مەتر کەمتر نەبێت پێویستە گومبەت و منارە و یەك خانوو و هۆلی بۆنە و موشتەمەلاتی تێدا دروست بکرێت و دووری نێوانیان لە (٦٠٠م) کەمتر نەبێت

ڕێژەی سەوزایی نابێت لە ٢٠% رووبەری زەوی کەمتر بێت.

ڕێژەی رووبەری پارکی ئۆتۆمبێل لە ٢٠%ی رووبەری زەوی کەمتر نەبێت ، دەکرێت بن بیناکان وەك و ژێرزەمین بەکاربهێندرێت بۆ پارکی ئۆتۆمبێل .

ج ١- جۆری (A – B) دەبێت لەسەر جادەی سەرەکی لە ٢٠ م کەمتر نەبێت وە جۆری (C) لەسەرجادەی١٥م کەمتر نەبێت.

٢- لە جۆری (C) (B) (A) رەچاوی شوێنی نوێژی ئافرەتان بکرێ.

ح- ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (A) ١٣٠٠ڕۆژ دەبێت.

ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (B) ١٠٠٠ ڕۆژ دەبێت.

ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (C) ٩٠٠ ڕۆژ دەبێت.

ماوەی جێبەجێ کردنی جۆری (D) ٦٠٠ ڕۆژ دەبێت.

خ– لەکاتی دروست کردنی سەوزایی بۆ مزگەوت ڕەچاوی چاندنی داری ژینگە بکرێت واتا نزامی ئاودان بەشێوە مۆدیرن بێت بەمەبەستی بەفیرۆ نەدانی ئاو.

د- جۆری - A - B لەمزگەوتەکان ژووری ترانسفۆرمر دروست بکرێت لەگەل دانانی ترانسفۆرمر.

ڕ – دانان سیستەمی دژە بروسك + ارضي دابنرێت.

ز – بلند گۆی ناو حەرەم و هۆڵی بۆنەکان بکرێت بەسیستەمی نوێ مۆدێرن لەناو بنمیچی لاوەکی دابنرێت.

٧- وەزیری ئەوقاف بۆی هەیە بەدەرلەبڕگەکانی سەرەوە لەماددەی یەکەم ڕەزامەندی بدات لەسەر دروست کردنی مزگەوت لە حالەتی زۆر پێویست وەکوو بونی چڕی دانیشتوان و ، هۆکاری نەخشەبنەرەتیەکانی شارەوانییەکان و ناوچە شاخاوییەکان.

**ماددەی (٢):**

لەکاتی دروست کردنی مزگەوت پێویستە لە نەخشە ودیزاینەکە ئەمانەی خوارەوە هاتبێت و خێرخواز بەڵێن بدات بە جێبەجێ کردنی :

١- حەرەمی مزگەوت بەرووبەرێك بێت کە گونجاوبێت لەگەڵ رووبەری زەویـیەکە و زۆری دانیشتوانی ناوچەکە ، کە لە (١٥% - ٢٠% )ی رووبەرەکە کەمتر نەبێت.

٢- رووبەری تەرخان کراو بۆ هەرخانویەك لە (١٥٠ م٢) کەمتر نەبێت و لە (٢٠٠ م٢) زیاتر نەبێت .

٣- دروست کردنی سێ ژوور بۆ پێش نوێژ و ووتار خوێن و کارگێری مزگەوت لە (٤ x ٥) کەمتر نەبێت.
٤- دروست کردنی حوجرەی فەقێیان بۆ کلاس (A) و (B) بەپێی پێویست لە ٣ ژوور کەمتر نەبێت لە (٦ x ٥ ) کەمتر نەبێت.
٥- دروست کردنی شوێنی دەست نوێژ هەڵگرتن بۆ پیاوان و ئافرەتان و ژووری مردوو شوشتن کە لایەنی تەندروستی بەرجەستە بکرێت ، لەگەڵ ژووری کۆگا بۆ کەل و پەلی مزگەوت رووبەرەکانیان بەپێی قەبارەو پێویستی مزگەوت بێت.
٦- دروست کردنی ئاودەست بۆ پیاوان و ئافرەتان بە مەرجێ لایەنی تەندروستی بەرجەستە بکرێت بە تایبەتی لە ناوەندی پارێزگاو قەزاکان بەمەرجێك رەچاوی پێداویستی کەم ئەندامان بکرێت وە ژمارەی ئاودەستەکان بگونجێت لە گەڵ رووبەری زەوی تەرخان کراو.
٧- دروست کردنی شوێنی گونجاو بۆ چونە ژووری کەم ئەندامان.
٨- مەوادەکانی دروست کردنی مزگەوت دژە گەرما و سەرما بێت لەگەڵ داپۆشینی بەمـوادی دژە گەرماوسەرما.
٩- دەبێت سیستەمی ساردکەرەوە (سیستەمی پاکێج) بەکاربهێندرێت.
١٠- نەخشەسازی (زخرفە) و خۆشنووسی ئایاتی قورئانی پیرۆز لەژێر سەرپەرشتی ئەندازیاری تایبەت بەم بوارە لە وەزارەت دەبێت.
١١- دەبێت رێنمایی بەرگری شارستانی لە دیزایینەکان جێبەجێ بکرێت لەگەڵ کامێرای چاودێری.
١٢-شورەی مزگەوت بەشێوەیەکی سەردەمیانە دەبێت کە بتوانرێت لەدەرەوەی جوانی مزگەوت دیاری بکات.
١٣- ئەگەر بینای مزگەوت لە دوو نهۆم زیاتر بێت دەبێت بەرزکەرەوە دابندرێت بەپێی قەبارەی مزگەوتەکە.

**ماددەی (٣):**

١- ئەم رێنماییە نەخشە کەرتییەکانی پەسندکراو لە شارەوانی کەتاکو ئێستا ژمارەی کارتن یان چۆلایین یان لەنوێ سەنەدیان بۆ کراوە دەگرێتەوە.
٢- ڕەزامەندی بەدرووستکردنی مزگەوت نادرێت لەم شوێنانە تاکو شارەوانی رێگە دەدات بەمۆڵەتی بینا .

**ماددەی(٤):-**

١- ڕەزامەندی دان لەسەر درووستکردنی مزگەوت تەنها لەدەسەڵاتی وەزیری ئەوقاف دەبێت لەشارو شارۆچکەکان
٢- ڕەزامەندی دان لەسەر درووستکردنی مزگەوت لەناو حەرەمی گوندەکان لەدەسەڵاتی بەرێوەبەرایەتیە گشتییەکانی ئەوقاف دەبێت بەڕەچاو کردنی برگەکانی ئەم رێنماییە . وە لە دەرەوەی حەرەمی گوند ڕەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ وەردەگیرێت لەگەڵ یەکەی ئیداری .
٣- رووخان و دووبارە دروست کردنەوەی مزگەوتە کۆنەکان لە دەسەڵاتی وەزیری ئەوقاف دەبێت لەگەڵ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگەی شوێنەواری.

**ماددەی (٥):-**

١- دەبێت خێرخواز ڕێژەی ١٥%ی تێچووی پارەی مزگەوت لەیەکێك لە بانقەکان دابنێت بەناوی خۆی لەژێر حیسابی ئەو مزگەوتەی درووستی دەکات وەئەم پارەیەش نابێت ڕابکێشرێت تەنها بە ڕەزامەندی وەزیری ئەوقاف نەبێت . دوای تەواوبوونی ٥٠%ی پرۆژەکە دەکرێت پارەکە ٥٠% ڕابکێشرێت وە خەرج بکرێت لە مـزگەوتەکەوە دوای تەواو بـوونی ٧٠% پـرۆژەکە پـارەکە ١٠٠% رادەکێشـرێت و خەرج دەکرێـت لەمزگەوتەکە.

٢- تێچووی پارەی مزگەوتەکە لەلایەن فەرمانگە ئەندازەییەکانی ئەوقاف دەخەملێندرێت.

٣- لەگوندەکان ئەم دوو بڕگەی سەرەوە نایان گرێتەوە.

**ماددەی (٦):-**

دابینکردنی گشت کەل و پەلی پێویست و خزمەت گوزاری بۆ مزگەوت لە ئەستۆی خێرخواز دەبێت.

**ماددەی (٧):-**

نابێت خێرخواز هیچ جۆرە هاوکاری و کۆمەکێی ماددی کۆبکاتەوە . ئەو کۆمەکو مەوادانەی پێشکەش دەکرێت بۆ مزگەوت پێویستە ئەندازیاری سەرپەرشتیار ئاگاداربکرێتەوە.

**ماددەی (٨):-**

١- خێرخواز داواکاری پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووری پرۆژەکە دەکات ، تیایدا بەڵێن بدات کە مزگەوت لەداهاتی خۆی بە کەل و پەلەوە بەپێی ڕێنماییەکان و مەرجە هونەرییەکان و نەخشەو دیزایینی پەسندکراو لەوەزارەتی ئەوقاف تەواو دەکات ، وە دەبێت لە ئەوقافی پەیوەندیدار لیژنەیەکی تایبەت هەبێت سەردانی زەویەکە بکات ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش بکات بەگونجاوی و نەگونجاوی شوێنەکە بۆ مزگەوت بەپێی ڕێنماییەکانی تازە.

٢- داواکاریەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان دوای پشتگیری کردنی داواکاریەکە مامەڵەکە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ئەوقاف بۆ مەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر.

٣- داواکاری خێرخواز بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزیری ئەقاف و کاروباری ئایینی پاش هەڵسەنگاندنی لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەندی هەمیشەیی لە دیوانی وەزارەت.

٤- لیژنەی هەڵسەنگاندن هەمیشەیی مافی رەتکردنەوەی داواکاری خێرخوازی هەیە لە مەڕ جۆرو شوێن و ئەولەویەتی پرۆژەکە ، پێش پەسندکردنی لە لایان وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

٥- لە دوای رەزامەندی وەرگرتنی دروستکردنی مزگەوت لە لایەن وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئاینی بەنووسراو یان فەرمانی وەزاری ، پێویستە خێرخواز مامەلەی بەناوکردنی زەویەکە بکات لەشارەوانی پەیوەندیدار بەناوی وەزارەتی ئەوقاف وەك و وەقفێکی (مضبوط) بەهاوکاری و پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی پارێزگا و ئەوقافی پەیوەندیدار

**ماددەی (٩):-**

١- گشت سیستەم و ڕێنمایی و بڕیاری تایبەت بەمتولین و سەرپەرشتیار (اشراف) جێبەجێ دەکرێن لەکاتی کارکردن بەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٠):-**

١- پاش دەرچونی فەرمانی وەزاری بۆ سپاردنی پرۆژەکە بە خێرخواز پێویستە گرێبەستێك لە دیوانی وەزارەت لە بەرێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی رێك بخرێت، وە واژۆی لەسەر بکرێت لە لایەن وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی وخێرخواز، وە ماوەی جێبەجێ کردنی پرۆژەکەلە گرێبەستەکە دیاری بکرێت.

٢- دەبێت خێرخوار مۆڵەتی بینا لەشارەوانی تەواو بکات.

٣- لەکاتی دەست بەکار بوونی خێرخواز بەمزگەوت دەبێ خێرخواز (جدول تقدم عمل) پێشکەش بکات بەدواداچوونی لەسەر بکرێت لە ئەوقاف پەیوەندی دارەکان

٤- ئەگەر خێرخواز پابەند نەبوو بە بەندەکانی گرێبەستەکە وەزیری ئەوقاف دەسەڵاتی هەیە پاش یەك ئاگادارکردنەوە بۆ ماوەی یەك مانگ زەویەکەی لێ بسێنتەوە بیدات بەخێرخوازێکی تر وە خێرخواز بۆی نیە داوای قەرەبوو بکات لە وەزارەتی ئەوقاف، ئەگەر زەویەکە لە بنەرەتدا مولکی خۆی نەبێت.

**ماددەی (١١):-**

نابێ خێرخواز زەوی تەرخان کراو بۆ پرۆژە بە هیچ بیانوێك بۆ سوودی خۆی یا کەسێکی یا خزمێکی بە کار بهێنێت ، وەکو(خانوو ، دوکان ، یا ناشتنی مردوو) ، بەپێچەوانەوەبەزیادەرۆ ( تجاوز ) بۆسەرموڵکی وەقف مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت

**ماددەی (١٢):-**

١- تێچووی وەرگرتنی مۆڵەتی بیناو رێکارەکانی کە لە لایان سەرۆکایەتی شارەوانی دەردەچێت لە ئەستۆی خێرخوازە.

٢- دەبێ خێرخواز لە ماوەی سێ مانگ لە دوای رۆژی دەرکردنی مۆڵەی بینا دەست بە کارەکانی بکات، بە پێچەوانەوە پاش ئاگادار کردنەوەیەك زەوییەکەی لێوەردەگیرێتەوە وڕادەستی خێرخوازێکی تر دەکرێت

٣- ئەگەر خێرخواز نیازی جێبەجێ کردنی پڕۆژەی هەبوو لە سەر زەوی خۆی پێویستە پێش دەست بە کاربوونی زەویەکەی بە ناوی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی تۆمار بکرێت وەك (وقف ملحق)،( وقف خيري لا رجعة له) پاش وەرگرتنی رەزامەندی پلانسازی لە سەر دروستکردنی پڕۆژەکە.

٤- ئەگەر خێرخواز تەنها ئامادەی دروست کردنی مزگەوت هەبوو پێویستە پابەند بێت بەو شوێنەی کە لیژنەی تەرخان کردنی زەوی دیاری دەکات بە هاوکاری وەزارەتی شارەوانی وکشتوکاڵ وپارێزگاکان پاش پەسند کردنی لە لایەن وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی.

٥- ئەگەر خێرخواز مزگەوتێکی لەسەر زەوی تەخانکراوی هاتوو لە بڕگەی (٤) دروست کرد بە سەرپەرشتیار (مشرف) دادەنرێت و پێویستە پابەند بێت بە ماف وئەرکەکانی تایبەت بە (مشرف)، کە دیاری کراوە.

**ماددەی (١٣):-**

١- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووری پڕۆژەکە لیژنەیەکی ئەندازەیی پێك دەهێنێ بۆ سەرپەرشتی کردن و بەدواداچونی قۆناغەکانی کار ، وە بەشێوەی مانگانە بە ڕاپۆرت وە دەبێت بەرێوەبەرایەتی پلاندانان و بەدواداچون وە بەرێوەبەرایەتی ئەندازە لە دیوانی وەزارەت ئاگادار بکاتەوە لە چۆنیەتی بەڕێوەچونی کارەکان و کەم و کوری و گرفتەکانی پڕۆژەکە .

٢- بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سنووری پڕۆژەکە دەسەڵاتی ڕاگرتنی کاتی پڕۆژەکەی هەیە وە بە رەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف، لە کاتی جێبەجێ نەکردنی مەرجە ئەندازەیەکان و هونەریەکان و بەلانانی هەر مەوادێکی بینا کە گونجاو و باش نەبێت بۆ ئەم مەبەستە.

٣- لە کاتی تەواو بونی پڕۆژەکە پێویستە لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان لیژنەیەکی ئەندازەیی هەبێت بۆ وەرگرتنی پڕۆژەکە، وە تاکو (کۆنوسی وەرگرتن) لەو لیژنەیە دەرنەچێت مافی تولیە یان اشراف نادری بەخێرخوازەکە(وکردنەوەی مزگەوتەکە ناکرێت).

**ماددەی (١٤):-**

پێویستە وەبەر هێنەران لە کاتی دروست کردنی کۆمەڵگای نیشتەجێبوون و شوێنە گەشتیاریەکان پابەند بن بەدروست کردنی مزگەوت و هۆڵی بۆنە ئاینیەکان بە گوێرەی قەبارەی پرۆژەو زەوی تەرخانکراو لە نەخشەی بنەرەتی وەبەرهێنانی دیاری کراو، لەسەر ئەرکی خۆیان بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ نەخشەسازی پرۆژەکە و رێنمایەکان و مەرجەکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، بەپێچەوانەوە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان پاش خەملاندنی پرۆژەکە تێچوی پرۆژەکە بە رێگای یاسایی لە وەبەرهێنەر وەردەگرێت.

**ماددەی (١٥):-**

١- پێویستە خێرخواز لە ئامادەکردنی نەخشەو دیزاینی مزگەوت رەچاوی لایەنی سەردەمیانە بکات ، وە هەروەها گومبەت ومنارە بکات، وە رەچاوی ئەوە بکات شێوازی دەرکی نەبێت.

٢- پەسند کردنی نەخشەو دیزاینەکان لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئەوقاف دەبێت وە ئەم لایەنە بۆی هەیە خێرخواز ناچار بکات بە جێبەجێ کردنی پرۆژەکە واتە بینایەکە بەچەند نهۆمی.

٣- نابێت خێرخواز سەرپێچی لەو نەخشە ودیزاینە بکات کە پەسندکراوە لە برگەی (٢) لەکاتێك گۆڕانکارییەکە لەبەرژەوەندی گشتی دابێت کە پێویست بکات لە ڕوی ئەندازەییەوە ئەنجام بدرێت ڕەزامەندی لیژنەی سەرپەرشتیاری مزگەوتەکە وەربگیرێت وە دووبارە نەخشەکان پەسەند بکرێتەوە.

**ماددەی (١٦):-**

دوای وەرگرتنی مزگەوتەکە نابێت هیچ گۆڕانکاریەك لێ بکرێت یان نۆژەنبکرێتەوە بەبێ ئاگاداری لیژنەی سەرپەرشتیاری پرۆژە، و رەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف.

**ماددەی (١٧):-**

ناولێنانی مزگەوت لە لایان لیژنەیەکی تایبەتمەند لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئەوقافی پەیوەندیدار دادەنرێت و بە ئەندامیەتی خێرخواز یا بریکارەکەی، وە کۆتا بڕیار لەدەسەڵاتی وەزیری ئەوقاف دەبێت

**ماددەی (١٨):-**

**١-** دەبێت بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەو ئاوەدانکردنەوە لە دیوانی وەزارەت بە تەنسیق لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی ئەوقاف و شارەوانییەکان هەڵسن بەوەقف کردنی ئەم زەویانەی لەنەخشەبنەڕتیە نوێیەکانی شارەوانیەکان تەرخانکراون بۆ مزگەوت کە کێشەی مۆڵکایەتی نەماوە لەسەری وە بەناوی شارەوانیەکان کراون . وەکوو وەقفێکی مضبوط لەسەر پارەی مەوقوفاتی وەزارەت .

**٢-** دوای وەقف کردنی زەویەکان لەڕێگای پێشبڕکێ ئەندازەیی و دارایی بدرێتە خێرخوازان دوای گرتنە بەری ڕێکاری یاسایی.

**٣-** بەڕێوەبەرایەتی ئەندازە وئاوەدانکردنەوە کاربکات بۆ یەکخستنی دیزاینی گومبەت و منارەی مزگەوتەکان کەمۆرکی کوردەواری هەڵبگرێت و تێکەڵ بەپێشکەوتنە بیناسازییە مۆدیلە مۆدیرنەکان بکات

**ماددەی (١٩) :**

هەربڕیارو ڕێنماییەکی تایبەت بە دروست کردنی مزگەوت دەرچوویێت هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٢٠) :**

ئەم ڕێنماییە بڵاو دەکرێتەوە لەڕۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) و جێبەجێ دەکرێ پاش بڵاو کردنەوەی .

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی**